ئەسان بازاڕ · فرۆشگای ئۆنلاین

ڕێنمایی فرۆشیار

هەموو ئەوەی پێویستە بیزانیت بۆ بەڕێوەبردنی فرۆشگا ئۆنلاینەکەت: زیادکردنی بەرهەم، ڕێکخستنی بەش، بانەڕ، وەرگرتنی داواکاری و ناردنی بەستەر بۆ کڕیار.

- بە وێنەی ڕاستەقینەی پانێڵی فرۆشیار
- دوو بەستەر: یەکێک بۆ کڕیار، یەکێک بۆ خۆت
- فرۆشگاکەت بە چوار زمان کار دەکات
- داواکاری ڕاستەوخۆ بۆ واتساپی تۆ دێت

فرۆشگاکەت لە یەک لاپەڕەدا

فرۆشگاکەت ئێستا لەسەر ئینتەرنێت هەیە. هیچ پرۆگرامێک دانامەزرێنیت و هیچ شتێک لەسەر مۆبایلەکەت دانابەزێنیت — هەموو شتێک لە وێبگەڕدا کاردەکات، بۆ تۆ و بۆ کڕیارەکەشت.

دوو بەستەری جیاواز

ئەمە گرنگترین شتە کە دەبێت لەبیرت بمێنێت. دوو بەستەرت هەیە و هەریەکەیان کارێکی جیاوازی هەیە. **هەرگیز بەستەری دووەم بۆ کڕیار مەنێرە.**

بەستەر	بۆ کێ؟	چی تێدایە؟
yourstore.asanbazar.online	بۆ کڕیار	بەرهەمەکان، نرخەکان، سەبەتە و داواکاری. ئەمە ئەو بەستەرەیە کە لە ئینستاگرام و واتساپ و فەیسبووکدا بڵاوی دەکەیتەوە.
yourstore.asanbazar.online/admin	تەنها بۆ خۆت	پانێڵی بەڕێوەبردن. زیادکردنی بەرهەم، دەستکاری نرخ، بینینی داواکارییەکان و ڕێکخستنەکان.

لە خشتەکەدا `yourstore` ناوی فرۆشگاکەتە بە پیتی ئینگلیزیی بچووک — ژێردۆمەین هەمیشە بە پیتی ئینگلیزیبە. لە نموونەکانی ئەم ڕێنماییەدا فرۆشگای «گلۆبڵ بازار» بەکارهاتووە، واتە `global.asanbazar.online` .

داواکارییەک چۆن دێت؟

1. کڕیار بەستەری فرۆشگاکەت دەکاتەوە و بەرهەمەکان دەبینێت.
2. ئەوەی دەیەوێت دەیخاتە سەبەتەوە.
3. ناو، ژمارەی مۆبایل، پارێزگا و ناونیشان دەنووسێت — و دەتوانێت شوێنی خۆی لەسەر نەخشە دیاری بکات.
4. دوگمەی ناردن دادەگرێت، و داواکارییەکە **ڕاستەوخۆ بە واتساپ بۆ ژمارەی تۆ دێت**.
5. هەمان داواکاری لە پانێڵەکەتدا لە تابی «داواکارییەکان» دەردەکەوێت.
6. تۆ پشتڕاستی دەکەیتەوە یان هەڵیدەوەشێنیتەوە.

پارەدان لە کاتی وەرگرتنە. هیچ کارتێکی بانکی و هیچ پۆرتاڵێکی پارەدان لە ناوەڕاستدا نییە — تۆ و کڕیارەکەت وەک پێشوو مامەڵە دەکەن، تەنها داواکارییەکە ڕێکخراوتر دێت.

فرۆشگاکەت بە چوار زمان

فرۆشگاکەت بە **چوار زمان** کار دەکات. کڕیار خۆی زمانەکەی هەڵدەبژێرێت و هەموو ڕووکاری فرۆشگا — دوگمەکان، سەبەتە، فۆرمی داواکاری — دەگۆڕێت:

- کوردیی ناوەندی (سۆرانی)
- کوردیی بادینی
- عەرەبی
- ئینگلیزی

ئەگەر «شاشەی بەخێرهاتن» چالاک بێت، سەردانکەری نوێ سەرەتا ئەم شاشەیە دەبینێت و زمانەکەی هەڵدەبژێرێت. دواتر جارێکی تر پرسیاری لێ ناکرێت.



شاشەی بەخێرهاتن: هەر چوار زمانەکە لەگەڵ ناو و ژمارەی فرۆشگاکەت.




پاش هەڵبژاردنی زمان: لاپەڕەی سەرەکیی فرۆشگا.

ناوی بەرهەمەکان وەک خۆیان دەمێننەوە — وەرگێڕانی خۆکار نییە، تەنها ڕووکاری فرۆشگا وەردەگێڕدرێت. بۆیە ناوەکان بەو زمانە بنووسە کە زۆرینەی کڕیارەکانت پێی دەخوێننەوە.


زمانی پانێڵی خۆت جیاوازە لە زمانی فرۆشگا. دەتوانیت پانێڵەکەت بە کوردی بێت و فرۆشگاکەت بە عەرەبی — گۆڕینی یەکێکیان ئەوی تر ناگۆڕێت.

بەشەکان و گەڕان

لە لاپەڕەی سەرەکیدا کڕیار بازنەی بەشەکان دەبینێت (نموونە: ئەلیکترۆنی، چێشتخانە، منداڵان). بە داگرتنی هەر بەشێک تەنها بەرهەمەکانی ئەو بەشە دەبینێت.



بەشەکان لە سەرەوە و بەرهەمەکان لە ژێریدا.



گەڕان بە ناو، براند یان کۆدی بەرهەم.

خانەی گەڕان

کڕیار دەتوانێت بە **ناوی بەرهەم**، بە **براند** یان بە **کۆدی بەرهەم (SKU/بارکۆد)** بگەڕێت. هەرچەندە زانیاری زیاتر لە کاتی زیادکردنی بەرهەمدا بنووسیت، ئەوەندە ئاسانتر دەدۆزرێتەوە.

پاڵاوتن و ڕیزکردن

ئەگەر بەرهەمەکانت زۆر بوون، کڕیار دەتوانێت لیستەکە کورت بکاتەوە. ئەم هەڵبژاردنانە خۆکارانە دەردەکەون — هیچ ڕێکخستنێکیان ناوێت.

- بەپێی بەش
- بەپێی مەودای نرخ (لە … بۆ …)
- تەنها ئەو بەرهەمانەی داشکاندنیان هەیە
- بەپێی براند
- ڕیزکردن بەپێی نرخ، نوێترین، زۆرترین فرۆش یان گەورەترین داشکاندن



پەنجەرەی پاڵاوتن، وەک ئەوەی لەسەر مۆبایلی کڕیار دەردەکەوێت.

> پاڵێوەری براند تەنها ئەو کاتە دەردەکەوێت کە لانیکەم دوو براندی جیاواز لە فرۆشگاکەتدا هەبن. بۆیە پڕکردنەوەی خانەی «براند» بەسوودە.

لاپەڕەی بەرهەم و سەبەتە

بە داگرتنی وێنەی بەرهەمێک، پەنجەرەیەک دەکرێتەوە کە وێنە گەورەکە، نرخ، نیشانەی داشکاندن و ئەو زانیارییانەی تۆ نووسیوتن پیشان دەدات.



پەنجەرەی بەرهەم: نرخ، داشکاندن و تایبەتمەندییەکان.



سەبەتە: ژمارە کەم و زیاد دەکرێت و بەرهەم لادەبرێت.

ئەگەر بەرهەمەکە قەبارە یان ڕەنگی هەبێت، پێش زیادکردن دەبێت کڕیار یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەوانەی کۆگایان نەماوە بە هێڵێک لەسەریان نیشان دەدرێن، بەڵام دەربناکەون — تا کڕیار بزانێت شتەکە هەیە بەڵام ئێستا نەماوە.

> کۆی نرخ لە خوارەوەی شاشەدا هەمیشە دیارە. کرێی گەیاندن دواتر زیاد دەکرێت، کاتێک کڕیار پارێزگاکەی هەڵدەبژێرێت.

تەواوکردنی داواکاری

لە هەمان پەنجەرەی سەبەتەدا، کڕیار زانیارییەکانی دەنووسێت. هەموو ئەم خانانە پێویستن جگە لە ناونیشانی زیادە:

ناوی تەواو	ناوی کڕیار وەک لە داواکارییەکەدا دەردەکەوێت.
ژمارەی مۆبایل	ئەو ژمارەیەی پێی پەیوەندی دەکەیت بۆ پشتڕاستکردنەوە.
پارێزگا	لە لیستێکەوە هەڵدەبژێردرێت — هەمان ئەو پارێزگایانەی تۆ لە ڕێکخستنەکاندا نووسیوتنە. کرێی گەیاندن خۆکارانە زیاد دەکرێت.
ناونیشانی تەواو	گەڕەک، شەقام و نزیکترین نیشانە.
شوێن لەسەر نەخشە	ئارەزوومەندانە. کڕیار دەتوانێت خاڵێک لەسەر نەخشە دابنێت و بەستەرەکەی بۆت دێت.




فۆرمی داواکاری پڕکراوە: پارێزگا، کرێی گەیاندن و کۆی گشتی دیارن.

کاتێک دوگمەی **ناردنی داواکاری بە واتساپ** دادەگیرێت، واتساپ دەکرێتەوە و نامەیەکی ڕێکخراو ئامادە دەبێت کە هەموو بەرهەمەکان، ژمارەکان، کۆی گشتی و بەستەری شوێنی لەسەرە.

> داواکارییەکە هەر لەو ساتەدا لە پانێڵەکەتدا تۆمار دەبێت، تەنانەت ئەگەر کڕیار نامەکەی واتساپ نەنێرێت. بۆیە هەمیشە تابی «داواکارییەکان» بپشکنە.

چوونەژوورەوە بۆ پانێڵ

1. لە وێبگەڕەکەتدا بەستەری فرۆشگاکەت بنووسە و `/admin` بخەرە کۆتاییەوە.
2. ئیمەیل و وشەی نهێنیی خۆت بنووسە — ئەوانەی لە کاتی دروستکردنی فرۆشگاکەتدا پێت دراون.
3. دوگمەی «چوونەژوورەوە» دابگرە.



شاشەی چوونەژوورەوەی پانێڵ.

یەکەم شت پاش یەکەم چوونەژوورەوە: **وشەی نهێنی بگۆڕە.** چۆنیەتییەکەی لە کۆتایی ئەم ڕێنماییەدایە.

چوار تابەکەی پانێڵ

تاب	بۆ چی؟
بەرهەمەکان	زیادکردن، دەستکاری و سڕینەوەی بەرهەم و نرخ.
بەشەکان	دروستکردنی بەشەکانی فرۆشگا و ڕیزبەندییان.
داواکارییەکان	بینینی داواکارییە نوێیەکان، پشتڕاستکردنەوە و هەڵوەشاندنەوە.
ڕێکخستنەکان	ناوی فرۆشگا، لۆگۆ، ژمارەی واتساپ، کرێی گەیاندن، بانەڕ و زمان.

ژمارەیەکی سوور لەسەر تابی «داواکارییەکان» واتە داواکاریی نوێت هەیە کە هێشتا وەڵامت نەداوەتەوە.

زیادکردنی بەرهەمی نوێ

لە تابی «بەرهەمەکان»، فۆرمی زیادکردن لە سەرەوەی لاپەڕەکەدایە. خانەکانی بە ستێرە دیارینەکراو ئارەزوومەندانەن.



فۆرمی زیادکردنی بەرهەم لە پانێڵی فرۆشیاردا.

ناوی بەرهەم	پێویستە. ئەوەی کرێیار دەیبینێت و پێی دەگەڕێت.
بەش	لەو بەشانە هەڵدەبژێردرێت کە خۆت دروستت کردوون.
نرخ (د.ع)	پێویستە. تەنها ژمارە بنووسە، بێ خاڵ و بێ کۆما.
پێش داشکاندن	ئەگەر نرخێکی بەرزتر لێرە بنووسیت، نیشانەی سوورەکەی داشکاندن لەسەر بەرهەمەکە دەردەکەوێت.

زانیاری کاتالۆگ و وێنەکان

زانیاری کاتالۆگ

براند	نموونە: Samsung. ئەگەر چەند براندێکت هەبێت، پاڵێوەری براند بۆ کڕیار دەردەکەوێت.
پێناسەی کورت	یەک دێڕ لە ژێر ناوی بەرهەمەکەدا لەسەر کارتەکە دەردەکەوێت.
کۆدی بەرهەم (SKU)	کۆدی خۆت. کڕیار دەتوانێت پێی بگەڕێت.
بارکۆد	ئەو ژمارەیەی لەسەر قوتووەکەیە.

وێنەکان

1. دوگمەی هەڵبژاردنی وێنە دابگرە و وێنەکان لە مۆبایل یان کۆمپیوتەرەکەتەوە هەڵبژێرە.
2. چاوەڕێ بکە تا «پەستاندن و بارکردن» تەواو بێت — وێنەکە خۆکارانە بچووک دەکرێتەوە.
3. یەکەم وێنە ئەوەیە کە لەسەر کارتی بەرهەم دەردەکەوێت. بۆ گۆڕینی ڕیزبەندی، دوگمەکانی «بۆ سەرەوە / بۆ خوارەوە» بەکاربهێنە.


باشترین وێنە: بەرهەمەکە لەسەر پاشبنەمایەکی ساکار و ڕووناکی باش. وێنەی چوارگۆشە باشترین ئەنجام دەدات.

بەپێی **جۆری فرۆشگاکەت** خانەی زیادە دەردەکەوێت. فرۆشگای جل و بەرگ و پێڵاو خانەی قەبارە و ڕەنگ و کۆگای هەیە، فرۆشگای ئەلیکترۆنی خانەی تایبەتمەندیی تەکنیکی، و فرۆشگای گشتی هیچیان — لە جیاتی ئەوان «تایبەتمەندیی زیادە»ی هەیە کە خۆت ناو و بەهاکەی دەنووسیت. جۆری فرۆشگا لە کاتی دروستکردندا دیاری دەکرێت.

لە کۆتاییدا دوگمەی **زیادکردنی بەرهەم** دابگرە. بەرهەمەکە دەستبەجێ لە فرۆشگادا دەردەکەوێت — پێویست ناکات هیچ شتێکی تر بکەیت.

دەستکاری و سڕینەوەی بەرهەم

لە ژێر فۆرمەکەدا لیستی هەموو بەرهەمەکانت هەیە، لەگەڵ وێنە، نرخ و بەشەکەیان.



لیستی بەرهەمەکان. هەر ڕیزێک دوگمەی دەستکاری و سڕینەوەی هەیە.

دەستکاری

1. دوگمەی «دەستکاری» لەتەنیشت بەرهەمەکە دابگرە.
2. خانەکان بە زانیاریی ئێستا پڕ دەبنەوە — ئەوەی دەتەوێت بیگۆڕە.
3. دوگمەی «پاشەکەوتکردنی گۆڕانکارییەکان» دابگرە.

سڕینەوە


1. دوگمەی سڕینەوە دابگرە.
2. دوگمەکە دەگۆڕێت بۆ «دووبارە دابگرە بۆ دڵنیایی» — ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت، دووبارە دایبگرە.

> سڕینەوە گەڕانەوەی نییە. ئەگەر بەرهەمێک کاتی نەماوە، باشترە **کۆگاکەی سفر بکەیتەوە** لە جیاتی سڕینەوەی.

> داواکارییە کۆنەکان بە سڕینەوەی بەرهەمێک ناگۆڕێن.

بەشەکان

بەشەکان ئەو بازنانەن کە لە سەرەوەی فرۆشگا دەردەکەون. یارمەتی کڕیار دەدەن خێراتر ئەوەی دەیەوێت بدۆزێتەوە.



تابی بەشەکان: ناو، وێنە، ژمارەی بەرهەم و ڕیزبەندی.


1. بڕۆ بۆ تابی «بەشەکان».
2. ناوی بەشەکە بنووسە (نموونە: چێشتخانە) و «زیادکردن» دابگرە.
3. ئارەزوومەندانە وێنەیەکی بۆ هەڵبژێرە — ئەگەر وێنە نەبێت، ئایکۆنێکی ئاسایی دەردەکەوێت.
4. بە دوگمەکانی سەرەوە و خوارەوە ڕیزبەندییان بگۆڕە؛ هەمان ڕیزبەندی لە فرۆشگادا دەردەکەوێت.

> کاتێک بەشێک دەسڕیتەوە، بەرهەمەکانی ناسڕێنەوە — تەنها بێ بەش دەمێننەوە و دەتوانیت دواتر بەشێکی تریان بۆ دیاری بکەیت.

بەشێکی بەتاڵیش دەردەکەوێت، تا لەبیرت بێت پێویستی بە بەرهەم هەیە.

بانەڕەکانی سەرەوە

بانەڕ ئەو وێنە پانانەن کە لە سەرەوەی فرۆشگا خۆکارانە دەگۆڕێن. باشترین شوێنن بۆ ڕاگەیاندنی داشکاندن یان کۆکراوەیەکی نوێ.



بەڕێوەبردنی بانەڕەکان لە تابی ڕێکخستنەکاندا.


1. بڕۆ بۆ تابی «ڕێکخستنەکان». بەشی بانەڕەکان لە سەرەوەیە.
2. دوگمەی «زیادکردنی بانەڕ» دابگرە.
3. وێنەیەکی پان هەڵبژێرە (وێنەی چوارگۆشە باش دەرناکەوێت).
4. ئارەزوومەندانە دەق زیاد بکە: دەقی سەرەوە، ناونیشان، وەسف و دەقی دوگمە.
5. «پاشەکەوتکردنی بانەڕەکان» دابگرە.

وێنە بە تەنها بەسە. ئەگەر هیچ دەقێک نەنووسیت، تەنها وێنەکە دەردەکەوێت — کە زۆرجار جوانترینشە.

ئەگەر زیاتر لە یەک بانەڕت هەبێت، خۆکارانە دەگۆڕێن و کڕیار دەتوانێت بە تیرەکان بیانگۆڕێت. ئەگەر هیچ بانەڕێکت نەبێت، فرۆشگا ڕاستەوخۆ بە بەش و بەرهەمەکان دەست پێدەکات.

وەرگرتن و بەڕێوەبردنی داواکاری

هەر داواکارییەک لە تابی «داواکارییەکان» دەردەکەوێت، لەگەڵ ناوی کڕیار، ژمارەی مۆبایل، بەرهەمەکان، کۆی گشتی و بەستەری شوێنەکەی لەسەر نەخشە.




کارتی داواکاری: بەرهەمەکان، کرێی گەیاندن، کۆی گشتی و دوو دوگمە.

دۆخ	واتای چییە؟
چاوەڕوان	داواکاریی نوێیە و هێشتا وەڵامت نەداوەتەوە.
پشتڕاستکراوە	وەرت گرتووە و دەینێریت. ئەگەر کۆگا دەژمێریت، خۆکارانە کەم دەکرێتەوە.
هەڵوەشێنراوە	کۆتاییە. داواکارییەکە ناگەڕێتەوە و کۆگاش دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

1. پەیوەندی بە کڕیارەوە بکە بە ژمارەکەی سەر کارتەکە.
2. ئەگەر گونجا، «پشتڕاستکردنەوەی داواکاری» دابگرە.
3. ئەگەر نەگونجا یان کڕیار پاشگەز بووەوە، «هەڵوەشاندنەوەی داواکاری» دابگرە.
4. بۆ دۆزینەوەی ماڵی کڕیار، بەستەری «شوێنی کڕیار لەسەر نەخشە» بکەرەوە.

> داواکارییەکی هەڵوەشێنراوە ناتوانرێت دووبارە پشتڕاست بکرێتەوە. ئەگەر شتێک ڕوونەبووەوە، سەرەتا پەیوەندی بکە، پاشان بڕیار بدە.

ناسنامە و پەیوەندی



ناوی فرۆشگا، لۆگۆ، وێنەی سەرەوە و زانیاریی پەیوەندی.

ناوی فرۆشگا	لە سەرەوەی فرۆشگا و لە شاشەی بەخێرهاتندا دەردەکەوێت.
لۆگۆ	وێنەیەکی بازنەیی لەسەر سەرەوە. وێنەی چوارگۆشە باشترین ئەنجام دەدات.
وێنەی سەرەوە	بانەڕێکی پان لە پشت ناوی فرۆشگاوە.
ژمارەی واتساپ	گرنگترین خانە. **هەموو داواکارییەک بۆ ئەم ژمارەیە دێت.**
ژمارەی پیشاندان	ئەو ژمارەیەی لە فرۆشگادا بۆ کڕیار دەردەکەوێت.
شوێن / ناونیشان	لە شاشەی بەخێرهاتن و لە خوارەوەی فرۆشگادا دەردەکەوێت.
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان	خانە بەتاڵ بهێڵەوە تا ئایکۆنەکە دەرنەکەوێت.

ژمارەی واتساپ بەم شێوازانە بنووسە: `07XXXXXXXXX` یان `9647XXXXXXXXX` . ئەگەر ژمارەکە هەڵە بێت، داواکارییەکان بۆ هیچ شوێنێک ناچن.

دوای هەر گۆڕانکارییەک، دوگمەی «پاشەکەوتکردنی ڕێکخستنەکان» لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا دابگرە.

کرێی گەیاندن بەپێی پارێزگا

بۆ هەر پارێزگایەک کرێیەکی جیاواز دیاری دەکەیت. کڕیار لە کاتی داواکاریدا پارێزگاکەی هەڵدەبژێرێت و کرێکە خۆکارانە بۆ کۆی گشتی زیاد دەکرێت.



خشتەی کرێی گەیاندن. هەر ڕیزێک پارێزگایەک و کرێیەکە.

1. دوگمەی «زیادکردنی پارێزگا» دابگرە.
2. ناوی پارێزگا بنووسە — لیستێکی ئامادە پێشنیارت بۆ دەکات.
3. کرێکە بە دینار بنووسە (نموونە: 5000).
4. بۆ لابردنی ڕیزێک، دوگمەی سڕینەوەی تەنیشتی دابگرە.
5. لە کۆتاییدا «پاشەکەوتکردنی ڕێکخستنەکان» دابگرە.

ئەگەر هیچ پارێزگایەک زیاد نەکەیت، هەڵبژاردنی پارێزگا بۆ کڕیار دەرناکەوێت و کرێی گەیاندن سفر دەبێت.

ناوی پارێزگا بەو زمانە بنووسە کە کڕیارەکانت پێی دەخوێننەوە — چونکە هەمان ناو لە نامەی واتسابی داواکارییەکەشدا دەردەکەوێت.

زمان، شاشەی بەخێرهاتن و نیشانەکان

زمانی بنەڕەتیی فرۆشگا

ئەو زمانەیە کە فرۆشگا پێی دەست پێدەکات. کڕیار هەمیشە دەتوانێت لە سەرەوەی فرۆشگا بیگۆڕێت.



زمانی بنەڕەتیی فرۆشگا: ئەوەی کڕیار یەکەم جار دەیبینێت.

شاشەی بەخێرهاتن

ئەگەر چالاکی بکەیت، سەردانکەری نوێ سەرەتا زمانەکەی هەڵدەبژێرێت. سوودبەخشە ئەگەر کڕیارەکانت بە چەند زمانێک قسە دەکەن؛ ئەگەر هەموویان یەک زمان دەخوێننەوە، بیکوژێنەوە تا ڕاستەوخۆ بەرهەمەکان ببینن.



کوژاندنەوە و چالاککردنی شاشەی بەخێرهاتن.

نیشانەکانی متمانە

چوار نیشانەن کە لە ژێر بانەڕەکەوە دەردەکەون: گەیاندن، پارەدان لە کاتی وەرگرتن، گەڕاندنەوە و پشتگیری. ئەوانەی لەگەڵ فرۆشگاکەت دەگونجێن چالاک بکە.

> دەقی نیشانەکان بەتاڵ بهێڵەوە تا خۆکارانە بە هەر چوار زمانەکە دەربکەون. تەنها ئەگەر دەتەوێت شتێکی تایبەت بنووسیت، خانەکە پڕ بکەرەوە.

گۆڕینی وشەی نهێنی

وشەی نهێنیی یەکەم تەنها بۆ دەستپێکردنە. لە یەکەم ڕۆژەوە بیگۆڕە.



بەشی گۆڕینی وشەی نهێنی، لە خوارەوەی تابی ڕێکخستنەکاندا.

1. بڕۆ بۆ خوارەوەی تابی «ڕێکخستنەکان».
2. وشەی نهێنیی ئێستا بنووسە.
3. وشەی نهێنیی نوێ بنووسە و دووبارەی بکەرەوە.
4. «گۆڕینی وشەی نهێنی» دابگرە.

- لانیکەم ٨ پیت.
- پیتی گەورە و ژمارە و هێما تێکەڵ بکە.
- ئیمەیل یان ناوی فرۆشگاکەت بەکارمەهێنە.
- لە ڕیزبەندیی وەک `123456` دووربکەوە.

> وشەی نهێنیی خۆت بە هیچ کەسێک مەدە. هەرکەسێک بیزانێت دەتوانێت نرخەکان بگۆڕێت و داواکارییەکانت ببینێت.

پرسیارە باوەکان و پەیوەندی

بەرهەمەکەم لە فرۆشگا دەرناکەوێت

دڵنیا بە کە پاشەکەوتت کردووە، و لاپەڕەی فرۆشگا نوێ بکەرەوە. ئەگەر بەشێکی بۆ دیاری کردبێت، لەوانەیە پاڵێوەرێکی چالاک بێت — «هەموو» هەڵبژێرە.

داواکاری بۆ واتساپەکەم نایەت

ژمارەی واتساپ لە ڕێکخستنەکاندا بپشکنە. هەمیشە هەموو داواکارییەکان لە تابی «داواکارییەکان»ی پانێڵەکەشدا هەن، تەنانەت ئەگەر نامەکە نەگەیشتبێت.

دەتوانم لەسەر مۆبایل کاری پێ بکەم؟

بەڵێ. پانێڵەکە بۆ مۆبایل دروستکراوە. تەنها بەستەری `/admin` لە وێبگەڕەکەت بکەرەوە.

وشەی نهێنیم لەبیر چووە

پەیوەندی بە پشتگیرییەوە بکە لە واتساپ 0750 326 3706 و وشەیەکی نوێت بۆ دادەنرێت.

چۆن فرۆشگاکەم بڵاو بکەمەوە؟

- بەستەری فرۆشگا لە بایۆی ئینستاگرام و تیکتۆکدا دابنێ.
- لە ستەیتەسی واتساپدا بەستەرەکە لەگەڵ وێنەی بەرهەمێک بڵاو بکەرەوە.
- کاتێک کڕیارێک لە واتساپ پرسیار دەکات، لە جیاتی وێنە بەستەرەکەی بۆ بنێرە.

پشتگیری: واتساپ **0750 326 3706** · asanbazar.online — هەر پرسیارێکت هەبوو، بنووسە. یارمەتیت دەدەین لە دانانی یەکەم بەرهەمەکانیشدا.